**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (23)ی ڕۆژی (2008/6/3) بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە(7)ی ساڵی / 2008

## یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان

## لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

بۆ دابین کردنی نوا بۆ هاووڵاتیانی خاوەن داهاتی سنووردار، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن شوقە و خانووی نیشتەجێبوون دروست دەکات و بەناویان دەکات.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم: بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە: وەزارەتی شارەوانی زەوی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تەرخان دەکات، بێ بەرامبەر بۆ ئەوەی شوقە وخانووی نیشتەجێبوونیان لەسەر دروست بکات.

دووەم: نرخی شوقە و خانووەکانی نیشتەجێبوون بە پێی ئەو خەرجیە دیاردەکرێت کە بەکردەنی تێچووە لەگەڵ زیادکردنی (1٪)ی تێچووەکەی وەک خەرجیەکانی کارگێری . بەمەرجێک نرخی زەویەکە ئەژمار نەکرێت.

**ماددەی سێیەم:**

دەبێ ئەو کەسەی داوای بە ناوکردنی نیشتەجێبوون دەکات هیچ شوقە ، یان خانوویەکی نیشتەجێبوونی سەربەخۆی بەناو نەبێت و سوودمەند نەبووبێت لە:

یەکەم: هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی دیکە لە هەرێمدا.

دووەم: ئەو سولفەی خانووبەرەی حکومەتی هەرێم دایەتی.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** لە ماوەی سێ ڕۆژ دوای ڕەزامەندی لەسەر داواکەی، داوا کاری بە ناوکردنی شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون (10٪)ی تێچووی خەمڵێنراوی بەرایی دەدات.

**دووەم:** ئەو بڕە پارەیەی لەسەری دەمێنێتەوە بە گوژمەی مانگانە یان ساڵانە دەیداتەوە لە ماوەیەک دا کە لە بیست وپێنج ساڵ تێپەڕنەکات.

**سێیەم:** ئەو کەسەی یەکە نیشتەجێبوونەکە بە ناوی دەبێت بۆی هەیە دوای (10) ساڵ لە ڕۆژی بەناو کردنەکەیەوە بیفرۆشێتەوە بە مەرجێک ئەو گوژمانەی لە ئەستۆی ماوەتەوە، یەک جێ بیداتەوە.

**چوارەم:** ئەگەر خاوەن یەکەی نیشتەجێبوون پێش دانەوەی ئەو گوژمانەی لە ئەستۆی ماوەتەوە کۆچی دوایی کرد، میراتگرەکان لەو گوژمانە دەبووردرێن کە لە ئەستۆی کۆچکردوو دەمێنێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی دارایی، پارەی پێویست بۆ بنیات نانی شوقە و خانووەکانی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تەرخان دەکات.

**ماددەی شەشەم:**

دەبێ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون بە ئامادەکراوی بۆ نیشتەجێبوون رادەستی داواکار بکات لە ماوەیەک کە لە دوو ساڵ تێپەڕ نەکات دوای پێشەکی دانەکە.

**ماددەی حەوتەم:**

شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون لە فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرەی تایبەتمەند بە مولکی صرف بەناوی داواکار تۆمار دەکرێت و مەرهونە (رهن) دەکرێت بۆ بەرژەوەندی حکومەت بەرامبەر ئەو قەرزەی ماوەتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی برگەی (سێیەم) لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە

**ماددەی هەشتەم:**

شوقە یان خانووی نیشتەجێبوون بەناوکراو لە ڕەسمی تۆمارکردن بۆیەک جار دەبووردرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیرانی و لایەنەکانی پەیوەندیدار هەریەک بە پێی دەسەڵاتی خۆی: پێڕەوو ڕێنمایی پێویست دەربکەن بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی دەیەم:

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی یازدەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عیراق**

## هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان دا کێشەیەکی بەر چاوو دیارە کە زۆربەی فەرمانبەران و هاوولاتیانی کە مدرامەتی گرتۆتەوە، ودلەبەر ئەرەی هەموو هاوولاتیەکیش مافی خۆیەتی شوێنی نیشتەجێبوونی هەبێت و، بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق دا ئەم یاسایە دانرا.

---

تێبینی : ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە 16 ی ساڵی 2008 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا